# ووتەی هەلالە رافع لە خۆپیشاندانی دژی راسیستی سوید!

**بەشداربوانی بەریز ئەم کاتەتان شاد!**
**هەروەك ئاشکرایە میژووی فاشیزم و راسیزم خویناویە پرە لە شەر، کوشتاری بەکۆمەل، یاساو بریاری نوسراوەو نەنوسراوەی دژی ئینسانی و دژی منال و ژنان. جیاکردنەوەو دابەشکردنی ئینسانەکان بەپیی نەتەوە رەنگی پیست، ئایین و زمان....**
**بەلام بە پیچەوانەوە میژووی خەباتی ئیمە سوسیالیستەکان پرشنگدارە بە داسەپاندنی یاساو بریاری ئینسانی بە دیفاع لە کریکاران ماف مرۆڤ، ژنان، پەنابەران بە بی لەبەرچاووگرتنی هەموو پیشینەیەکی درووستکراو..**
**راسیزم دیاردەیەك نیە تەنها پەیوەندی بە وولاتیکەوە بیت بەلکو سیاسەتیکی جهانیە وە دەبیت ئیمەش لەبەرامبەریدا بەهیزیکی جهانیەوە بیینە مەیدان.**

**من پیم وایە سەرچاوەو پایەی رەگەزپەرستی و فاشیزم ناسیۆنالیزمە. وە لەهەولی ئەوەدا بووم کە لەم چەند دەقیقەیەدا پیناسەیەکی ناسیۆنالیزمتان بۆ بکەم. بەلام کە نوسراوی رابەری کۆمۆنیستی (مەنصور حکمت )م بینی لە ئاستیدا بیدەسەلات بووم وە نەمدەتوانی بەو شیوەیە پر بەپیستی خۆی لیی بدویم، منصور حکمت لەچەند بەشیکی نووسراوەکەیدا دەلیت: ( بروانە ناسیۆنالیزم چ پەیامیکی هەیە بۆ بەشەریەتی بی ماف کراوو، کرۆکەی ناسیۆنالیزم پشتیوانیە لە چینی بالادەستی خۆی بە داسەپاندنی شەروو پیشیلکردنی ماف مرۆڤ..... پایەیی ئایدیۆلۆجی ئیمپریالیزم ناسیۆنالیزم بوە. ناسیۆنالیزم وەك بیرۆکە یەکیکە لە خرافاتەکانی سەدە رەشەکان کە مرۆڤایەتی دەبیت لیی رزگار بیت..... کرۆکەی ناسیۆنالیزم بە مانی دابرانی ئینسانەکانە لە سیفەتی ئینسانی و جهانیە هاوبەشەکانیان..... کریکارك لە جیاتی ئەوەی بە مرۆڤیك یان کریکاریك پیناسەی خۆی بکات دەبیت بە بەریتانی تامیلسکی، سویدی، عیراقی و ئیرانی ... خۆی ببینیتەوە........ حوکمی ناسیۆنالیزم شەرمەزاریە وە هیچ خانایەکی نەك تەنها لەگەل سۆسیالیزمی کریکاریدا نیە بەلکو لەگەل پیشرەویەکانی رەوشتەکانی ئینسانیشدا نیە...).**

**ئیمەی دژی ئەم بیروو بۆچونە زۆرین، بەلام دەبیت خەباتمان بەردەوام بیت تا هاوخەباتەکانی تریشمان دینینە سەر جادەکان وە هیزی خۆمان یەکگرتوتر وە بەهیزتر دەکەین.**